# نیشانەکانی سەرسورمان!!

ئەحمەدی مەلا

رۆشنبیری کورد وەکو هاودەردەکەی، مەبەست لە رۆشنبیری عەرەبە، دەیان ساڵە بە تەمای دەرکەتنی شەفەقێکی نوێیە کە کۆمەڵگاکانمان لە قورگی نەزانین و تاریکستان رزگارکات. لەم پەنجا ساڵەی دوای لە نێوان بیری لیبرال و داوا شۆڕشگێرییە چەپڕەوەکان، کۆمەڵگا رۆژ لە دوای رۆژ لە لێواری خەرەند نزیک دەبیتەوە. ئێمە وا لە سەرەتاکانین.

لە نێو رۆشنبیریی عارەبی، چەند دەنگێکی بوێر، هەر لە حەفتاکانەوە سێکوچەی سێکس و ئاین و سیاسەت (کە وەک بلۆکێکە، سیستەمێک پێکدەهێنێت یەک لە خزمەتی ئەوی دیکە کۆتایی دێت) کردۆتە جێی باس و تێروانین. تا ئێستا کەم باسی ئەم سێکوچکەیە بە زمانی کورد کراوە! بەلاّم لە ژێر کاریگەریی خوێندنەوە بە زمانی عارەبی، ئەم فیکرانە کاریگەریی خۆیان بە سەر رۆشنبیری کوردەوە جێهێشت.
لەم سالاّنەی دوای بە هۆیی کۆچی رۆشنبیران بۆ ولاّتانی ئەورووپا و فێربوونی زمانی بێگانە ئاسۆی بیرکردنەوە بەرینتر بووە، وردە وردە بیرە توندەکانی چەپ بەرەو دیموکراسییەت و لیبرالی هەنگاو دەنێن، بە تایبەت دوای شکستی بەرەی سۆسیالیستی جیهانی کە شوورەی سەرکردەی دەکرد. بە کورتی و بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ چەپی کورد ببێتە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم لە چەپی دەمارگرژەوە بۆ نەتەوەپەرستی دەمارگرژ وەردەچەرخاو و بەرەی دووەمیش خۆی لە گەڵ بیری سەردەم گونجاند. واتە تەبەنیی کردنی بەهاکانی شارستانییەتی رۆژئاوا دەبێتە چەقی فیکری ئەم رۆشنبیرانە و هەمان شت بە زمانی کوردی دووپات دەبنەوە. ( لە بواری زمانەوانی، فیکریی، شیعریی، سیاسی..). بە نیسبەت رۆشنبیریی کوردییەوە و بۆ خوێنەری کوردی پەتی داهێنەرن، بەلاّم لە راستی دا تەنها هەر جوینەوەی فیکریی رۆژئاواییە! سەرنجراکیش بۆ خۆ، بێسوود بۆ رۆژئاوا.

لە گۆڕەپان کێ ماوەتەوە؟ پێی دەچێ ئەم رۆژهەلاّتەی ئێمە پانتاییەک بێت کە ئامادە نەبێت بۆ هیچ گۆڕانکارییەکی تەواو. حەشاماتن خۆیان بە دامێنی رابردووە و هەڵواسییەو لە دەوریشیان چەند ئازادیخوایەک چەناگەیان بۆ حەوا درێژ کردووە و هیچیش دیار نییە و چاوەڕوانی شۆڕشە گەورەکەن!!

لە ئاسۆ هیچ شتێک بەدی ناکرێت، تەنها لە چەند رۆشنبیرێک بترازێ کە خاوەن رووناکیی بیرن و هەڵگرێ توانای زۆرن لە ئاواییەکن کە کەس حەز بە بینیان ناکات. کۆمەڵ ئامادە نییە تەوقەیان لەگەڵ بکات و پێی دەچێ قەتیش ئامادە نابێت.

لەم نێوەندەش چی ماوە کە ناوی رۆژهەلاّتی ئیسلامی بێت : مێژوویەک و هیچی دیکە. ئەوی دیکە لە دامێنی رۆژئاوا دەژێت : تەلەفۆن، فاکس، کۆپیەتەر، ئەنتەرنێت، ساتالایت، سینەما، تەلەڤزیۆن، دیموکراسییەت، مافی مرۆڤ، مافی ژن و فەمینیست، میعماری نوێ، پرد و باڵەخانە، رەنگ و تابلۆ، رۆمان و شانۆ، سەما و مۆسیقا، سەرتاپای ئامێرەکانی راگەیاندن هەر هەمووی بەرهەمی رۆژئاوایە و ئێمە لە پاڵ کۆکاکۆلا و هەمبەرگەر و پیتزا و سپێگەتی رۆژ لە دوای رۆژ دەیخوێن و بەکاری دەهێنین و دڵمانیش خۆشە کە رۆژهەلاّتین!!

لەم نێوەندەش، هەندێجار رۆشنبیریی کورد لاتەریک و بەسزمان تەنها لەو پانتاییەوە دەڕوانێتە دونیا کە خاکەکەی ئەوی  پێدەڵێن و والێکی دەداتەوە کە بای گۆڕانکارییەکان لەو خاکەوە هەڵدەکات و ئەو دورگەیە دەبێتە شوێنی هەڵگیرسانی بڵێسە نوێیەکان و دەبێتە ناوکی رۆژهەڵاتی گەورە!!

ئەم تێڕوانینە تەنها درێژەدانی تیۆرییەکی کۆنە کە هەست دەکرا بە ئازادبوونی کورد ئیتر ناوچەکە بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت.

بەڵام گێچەڵەکە زۆر لەمە گەورەترە! با بە گێچەڵ ناوی بەرین وەک لە گرفت چونکە گرفت چارەسەری هەیە و گێچەڵ هەر بە گێچەڵیی دەمینێتەوە.

سیکۆچکەی سێکس و ئاین و سیاسەت کڵافەی رۆژهەڵاتیان دروست کردووە. کڵافەیەکی ئاڵۆزکاو جڵەوی بە دەستی هێزێکی لەبنەهاتووی کۆنەپەرەست دایە. کۆنەپرستێکی حەربائاسا، هەزار رەنگ و هەزار تەرحە بیچمەکەی. هەندەی هیزە لیبرالییەکان چاویان بڕیوەتە ئەم هێزە تاریکئامێزانە هەندە ئەوان حسێب بۆ ئەوانی دیکە ناکەن!!

ئاسۆی ئازادییەکان کاتێک دەردەکەون کە رۆشنبیر ئازادانە بتوانێت سنوورەکانی ئەم تاپووانە ببەزێنێت و سێکس لە گوناهەوە بگوازێتەوە بۆ مافی تاکەکەس و ئاین لە رکیفی دەسەڵات دەربهێنێ و بیداتەوە دەستی ئەوانەی بە شێوەیەکی رەها مومارەسەی دەکەن و سیاسەتیش لە گەمەی بنەماڵەکان و خاڵ و خوارزاوە بگەڕێتەوە دەستی خەڵک.

ئیسلام لە سەردەمی عەباسییەکان زۆر موتەسامیح تر بوو لە ئێستا. کێشەی لەچک دەمارگرژیی لە وڵاتێکی گەورەی وەکو میسر دەگەیەنێتە کەشکەڵانی فەلەک، لە کاتێکدا بێکاریی و نەخوێندەواری گرفتی راستەقینەی کۆمەڵگان. کاریکاتۆرێکی بێ بایەخ لە وڵاتی سەهۆڵبەندان، ملیۆنان پاکستانی دەرژێنێتە سەرجادە لە کاتێک دا گرفتی تەندروستی و نزمیی ئاستی ژیان یەکێکە لە دیاردە هەرە لە بەرچاوەکانی ئەو وڵاتە، ئاڵای سەوز و رەش بەیرووت دەکاتە دوو بەشەوە! گشت ئەو باڵەخانە و پردانەی کە لەم دە ساڵەی دوای دروست بوون بە مینی عەقڵی چەواشە هەپروون بە هەپروون دەبن!!

چییە سنووری نێوان رۆژهەڵاتی ئیسلامی و رۆژئاوا؟ بە چ چەکێک ئێمە لە گۆڕەپانی جەنگدا کۆ بووینەتەوە؟ چین ئەو چەکانەی کە شەڕی پێدەکەین؟ چین ئەو بەهایانەی کە هەوڵی پارساتنیان دەدەین؟ پرسیاری دیکەش...

پێی دەچی مێژوو لە چرکەساتێک دا تووشی مەیین هاتبێت و سەرتاپای ئەو چەکانەی و سەرجەمی ئەو بەهایانەی کە ئێمە خۆمان کردووە بە ساحێبی سەر بە رابردوویەکی بەسەڕچوو بن و رۆژئاوا دەتوانێ لە یەک چرکەساتدا گەورەترین ئاژاوە لە شەقامەکانی کەراچی و قاهیرە و بەیرووت و مەراکیش و تاران و هتد بەرپابکات! چونکە ئێمە لە دوو بەرە پێکهاتووین خاوەن هەمان چەک نین. ئێمە ئینفیعال و غەریزە و سەرگەرمیی سوار ئەستۆمان دەبێت و ئەوانیش بە خوێنساردییەوە تەماشای جەرەیانی دونیا دەکەن.

ئێمە خۆمان بۆ شەڕێک ئامادەکردووە کە خۆمانی تیا بە فیڕۆ دەدەین، ئەوانیش بۆ ئەوەی گرەو لە مێژوو ببەنەوە. ئێمە بۆ ئەوەی رابردوو لە کیس نەدەین ئەوان بۆ ئەوەی ئایندە ببەنەوە.

رۆشنبیری کوردیش هەر ئەو دەعبا عەنتیکەیەیە کە خاوەن هیچ نییە. لە هەمووشی سەیرتر بە مووچەیەکی کەم و بە دەرکردنی دوو کتێب و بە ئاژاوە نانەوەیەک و بە ئیمتیازپێدان و بە دەرکردنی گۆڤارێک بۆ هەتا هەتا بێدەنگ دەکرێت. لە چەپەوە دەبێتە خاوەن ئیستاتیکای باڵا، لە شۆڕشگێڕەوە دەبێتە رەقیبی زمان، لە خەونی گەورەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ باوەشی حیزب.

**دانیشگای کاستیا لا مانچا–ئیسپانیا**